# بە بۆنەی جەژنی جیهانیی کارگەرانەوە

## نامەیەکی کراوە بۆ یەکیەتی سەندیکای کارگەرانی کوردستان!

قادر ڕەشید

جەژنی یەکی ئایارتان پیرۆز بێت ، جەژنی تێکۆشانی کارگەران لە جیهاندا.

بەڕێزان .. بێگومانم لەوەی کە خۆتان ئامادەکردووە بە بەرنامەیەکی داڕێژراو و بە ڕێپێوانێکی گەورە و شایستەوە بۆ یادی یەکی ئایار بەهەستێکی چینایەتیی و دیموکراتییانە و بە کۆمەڵێك دروشم و داخوازیی چینایەتی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەوە ، بە پێچەوانەی ساڵانی ڕابوردووەوە ، لەبەردەمی بارەگاکەتانەوە بەرەو پەرلەمانی هەرێمی کوردستان هەنگاو ئەنێن و بە یەك دەنگ هاوارئەکەن:

کوا یاسای نوێی کار؟

کوا پلانی بینای ژێرخانی ئابوری وڵاتمان؟

کوا یاسای ماڵنشینییمان؟

کوا یاسای دابینکردنی کۆمەڵایەتیمان (قانون الضمان الأجتماعي) و سەدان کوای تر؟ ... کە ساڵانێکە داوائەکرێن و پەرلەمان و حکومەتیش لێی بێدەنگن!

بۆچی یاسای کاری ژمارە 71ی ساڵی1987ی بەعس ، ناگۆڕڕێت بە یاسایەکی نوێی گونجاو بۆ کارگەرانی کوردستان! کە خۆی لە خۆیدا ئاسانکارییەکیشە بۆ بەرەوپێشبردنی ئابوری وڵات؟

نەبوونی پڕۆژەیەکی ئابوری پیشەسازیی و کشتوکاڵیی گونجاو و واقیعیانە ، هەروەها کەمترخەمیی لە دانانی یاسای کاری نوێی گونجاو ، یاریدەدەرە بۆ پێشنەکەوتنی وڵات.

دیاردەی بێدەنگیی دەسەڵات لە پلانی مشەخۆریی بازرگان و خاوەنکار لە بانگەوازیاندا بۆ کارگەرانی بێگانە کە ڕوو بکەنە کوردستان بۆ کارکردن! هەر وەك بڵێیت کوردستان لێواولێو وڵاتێکی ئابوری و پیشەسازیی و کشتوکاڵیی پێشکەتووە و هەر کارگەری کەمە!

لەڕاستییشدا بۆ ئەوەیە کە ئەو کارگەرە بێگانانە بە هەموو چەوسانەوە و کۆیلایەتی و بە نەبوونی یاسای کار قایلن! چونکە هیچ حیزب و حکومەت و لایەنێکیش پشتیوانییان لێ ناکەن. ئەمە خۆی لە خۆیدا نەخشەیەکە بۆ سەرهەڵدان و پێگەیشتنی بۆرجوازییەت لەسەر حسابی پاشاگەردانیی ئەمڕۆی کوردستان و ئەبێتە هۆی زیادبوونی کارگەری بێکار و زیادبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی لە کوردستاندا.

بڕوانە کەرتی گشتیی لە کوردستاندا تا چ سنورێك وێرانە! هیچ یاسایەك نیە کۆنترۆڵی کەرتی گشتیی بکات لە ڕووی ئیدامەی کارگە و لە ڕووی ناهەمواریی باری کارگەرانەوە ، بۆ نمونە بەرهەمی ڕۆژانەی کارگەی چیمەنتۆی سەرچنار بە شێوەیەکی مەترسیدار کەمبووەتەوە کە جێگەی سەرنجە! تەنانەت یاسای

خزمەتگوزاریی پیشەسازیی (قانون الخدمات الصناعية) ژمارە 30ی ساڵی2000 یش پشتگوێ خراوە. ئەو کارگانەی کەرتی گشتیین ، بەبێ ئیدامە لە کاردان تا ئەکەونە سەر ڕەگ و پەکیان ئەکەوێت! ئەوسا بەبێ هیچ یاسا و ڕێسایەك بڕیاری فرۆشتنی ئەدرێت! ئەگەرچی ئەو کارگانە موڵکی گەلن و گەلیش بە کارگەران و سەندیکاکانیشیانەوە بێئاگان! ئاخۆ کێ خاوەنی کەرتی گشتییە؟ دەوڵەت یان ...؟

دوای فرۆشتنی ئەو کارگانە ، پارەکانیان چی لێدێت؟

بەڕێزانی یەکیەتی سەندیکای کارگەران! ئێوە هێزێکی کاریگەر و دەستڕۆیشتوون لە بواری پەرەپێدانی ئابوری وڵات و لە خۆشگوزەرانیی و بژێوی ژیانی چینەکەتان و توێژەکانی تری گەلدا ، پێتان باشە وەك پێویستییەکی مێژوویی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپیر بانگەوازەکانی ئێوەی سەندیکاکانەوە بێت تا ڕۆڵی چینایەتی خۆتان وەك پێویست ببینن؟ لە ئاستی خزمەتگوزارییەکانی کارگەران و پێشخستنی وڵاتدا لە باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و پیشەسازییەوە؟

ئەوەی ڕۆڵی سەندیکا لاواز و بێدەسەڵات ئەکات لە جێبەجێکردنی ئەرکە پیرۆزەکانیدا ، دەستتێوەردانە لە کاروبارەکانیدا بۆ هەر مەبەستێك بێت و زیانە بە سەندیکا و کۆمەڵگاش بەگشتیی! کاتێك ئەندامانی سەندیکاکان لە ڕێگەی تەعینەوە بکرێن بە سەرکردە و دەسەڵاتدار ، بێگومان ئەوانە نابنە خۆشەویستی کارگەران و هەمیشە بێدەنگ و بێهەڵوێست ئەبن لەسەر پەیڕەونەکردنی یاسای کار و غەدری خاوەنکار ، ئیتر ئەوانە دوای بەرژەوەندە تایبەتییەکانی خۆیان ئەکەون! جا لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئێوەی بەرپرسانی سەندیکاکان ، ئەبێت خۆتان لەم شێوازە وابەستەییە بپارێزن.

ئەو کارگەر و سەندیکایانەی کە لە هەندێك لە وڵاتە سەرمایەدارییەکاندا مافی خۆپیشاندانیان لێ قەدەغەکراوە کە یادی مێژووی چینایەتی خۆیان وەك ڕەوایەك بەسەربکەنەوە! بەڵام لەو ڕۆژە پیرۆزەدا ئەڕژێنە شەقامەکانەوە و داخوازییەکانیان ڕائەگەیەنن و ڕۆژی تێکۆشانی خۆیان بەرز و پیرۆز ڕائەگرن.

ڕێزداران .. نوێنەرانی چینی کارگەرانی کوردستان! یەکی ئایار بکەنە ڕۆژی جێبەجێکردنی داخوازییە ڕەواکانی ئەمڕۆی کارگەرانی کوردستان و داوای بەشداربوونتان بکەن لە لیژنەی دانانی یاسای کاردا ، سەربەخۆیی ڕێکخراوییتان بپارێزن و بیکەن بە مایەی سەقامگیربوونی ئەرکە پیرۆزەکانتان.

دووبارە پیرۆزبێت ڕۆژی خەبات و تێکۆشانی درەوشاوەی چینی کارگەران لە کوردستان و جیهاندا.

2007-5-1